سوریا... دابەشکردنی جەژنانە بەسەر فەرمانبەر و خانەنشینان



ئەمە یەکشەممە، سەرەکی ڕاگوزەری سوریا ، بڕیارەکی دەرکرد و بەپێی بڕیارەکەش، بە بۆنەی جەژنی قوربانەوە بەك پارە وەك جەژنانە دەدرێتە سەرجەم فەرمانبەران و خانەنشینانی کەرتی گشتی

بەگوێرەی فەرمانەکەی سەرەکی سوریا بۆ قۆناغی ڕاگوزەر، ئەو یارمەتییە بەهای 500 هەزار لیرەی سوریییە، هەروەها کارمەندانی کەرتی گشتی لەخۆدەگرێت، بە هەردو جۆری مەدەنی و سەربازی، کە لە ئێستادا لەئەرکدان.

بەپێی کەناڵی هەواڵی سوریا، لە فەرمانەکەدا بڕی 300 هەزار لیرەی سوری بە بۆنەی جەژنی قوربانەوە، بۆ سەرجەم خانەنشینانی مەدەنی و سەربازی خەرجدەکرێت.

بەپێی فەرمانەکە، ئەو جۆژنانەیە کارمەندانی هەمیشەیی و کاتی و موچەخۆرانی ڕۆژانە دەگرێتەوە، هەروەها لە هەر جۆرە باجێك یان لێبڕینێك بەخشراون.